# وتن و گرتن ؟!

## ئاسۆعەبدوللەتیف

ووتن مافە، وەك هەر مافێكی ئاسایی كە گوزارشت بێت لە راستی و فاكتەكانی كۆمەڵگا، گرتنیش جۆرێكە لە میكانیزم بۆ كوشتنی ئەو مافانەو ژێرپێخستنی سەروەریەكانی مرۆڤ و تاك، بەڵام نەك گرتن لەسەر تاوان و دزی و پێشێلكاریە مرۆییە گەورەكان كە ئەمەیان پرەنسیپی دەوڵەتیەو گرنگە هەبێت بۆ چاككردن و پاككردنەوەی كۆمەڵگا لە خەوشەكان، لێرەدا مەبەستمان گرتنی رۆژنامەوانی و سانسۆری دەوڵەتییە بۆ بەرتەسككردنەوەی رووبەرەكانی ئازادی و مەوداكانی ووتن و نوسین.

مرۆڤ بە سروشت حەز بە زانین و گەران و پشكنین ئەكات تا گەشتن بە سەرچەشمەی زانیاری و راستیەكان، ئەم حەزە رۆحی و ئەنسرۆپۆلۆجیە حەزێكی ناوەكی و مەعریفی مرۆڤەو بەسروشت مرۆڤ حەز بە زانینی شتەكان ئەكات و دژی شاردنەوەیە، رێك میدیاو راگەیاندن بۆ ئەم حەزەی مرۆڤ دروست بووە، لێ میكانیزمی گرتن و هەرەشەو دەمداخستن، دەوڵەت وەك چەكێك بەكاری دێنێ بۆ كۆنترۆڵكردنی هەندێ لەو حەزانەی مرۆڤ و نارەزایەتی و رەخنەكانی تاك، ئەم دوو كۆنسێپتە دەوڵەتییە (وتن و گرتن) پێوەرن بۆ سیستمی دیموكراسیەتێكی ساغڵەم و عەقلانی، تا سنورەكانی ووتن و ئازادی رادەربرین و فەزای نوسین و گوزارشت و بەرچاوخستنی بەڵگەكان كارایان هەبێت ئەوا دیموكراسیەتیش كارایەو ئەتوانی بڵێیت دەوڵەت دەوڵەتێكی دیموكرات و لیبراڵە، بەپێچەوانەوە سنورەكانی ووتن داخراوو تەسك بن و گرتن و زیندانەكانیش فراوانبن ئەوا دیموكراسیەت نەخۆشەو دیكتاتۆریەت حاكمەو ئەوكاتە ئەتوانی بڵێیت دەوڵەت دەوڵەتێكی دیكتاتۆرو ستەمكارە،، خراپترین گرتن لە دونیادا گرتنی ووشەو ئازادی رادەربرین و رۆژنامەنوسان و نوسەرانە،خراپی ئەم جۆرە لە گرتن لەوەوە سەرچاوە ئەگرێت كە دەوڵەوت ئیمان و پایەكانی خۆی قایم ئەكات لەسەر ئەو جۆرە كارانەو دەست و پەنجە نەرم ئەكات لەسەر كولتوری بە دادگا گەیاندنی رۆژنامەنوسان لەسەر شتێك كە قابیل بە دادگا نییە، بۆ ئەم مەبەستە ئۆردویەك پۆلیس و جەندرمەو گارد بەخێو ئەكات تا ئەو ئیمانە قایمكات لای خەڵكی، ئەم نەمەتە بۆ حكومەت و دەوڵەت وا ئەكات لە مەرزو سنورەكانی فاشیزم و ستەمكاری نزیك بێتەوەو بەها مەدەنی و لیبراڵەكان بخرێتە پەراوێزێكی زمانی و تەنها لەناو میتافۆرو دروشمە سیاسیەكاندا ببینرێت، چونكە ناكرێت خەونی عەسكەرتاری و داگیركاریانەت هەبێ و دەمیش لە دیموكراسیەت بدەیت!! دیموكراسیەت دیموكراسیەتە و مافدانە بە تاك بۆ قسەكردن و ئاخاوتن و رادەربرین و نەترسان و بە سەنتەركردنی عەقڵی مرۆڤ، بەهای مەدەنی و دیموكراسی بە دروشم و ووتاری رۆژنامەوانی ساختەو ووتەی سیاسی ناپێورێت بەڵكو بە رێكپۆشی لە كاروباری دادگاو قەزاو پەرلەمان و هێزی نیزامیدا ئەپێورێت، ئەو پێوەرە مەدەنیانە بە ئەفسەرێكی وەزارەتی ناوخۆ یان ئاسایش ئەپێورێت كە تا چ رادەیەك عەقڵیەتی پۆلیسیانەو میلیتاریزمانەی لە خۆی دارنیوە بۆ عەقڵیەتێكی نیزامی مۆدرێن و ئەزانێ چۆن لەبەردەم رەخنەو لێدوانی هاووڵاتیەكی شەقام و رەخنەی رۆژنامەنوسێكدا مامەڵە ئەكات، ئەفسەرو پۆلیس لەم گەمە دیموكراسی و مەدەنی و پەرلەمانیەدا كوێرو نابینا نیەوهەموو ئەمرو نەهیەكان جێ بەجێ بكات، بەڵكو لێرەدا پیاوانی سوپاو ئاسایش ئەبنە باوكی یاساكان و چاودێریكەری ماف و ئازادیەكان، دیاردەیەك كە گرنگە باسی لێوە بكەین لە كوردستان پرسی رادەربڕین و فەوزای نوسین و نەبوونی شەفافیەتی دەزگاكانی میرییە تاوەكو رۆژنامەنووس زانیاریان لێ دەستخات، لەگەڵ دادگاییكردنی رۆژنامەنووس و رەدكردنەوەی هەموو زانیاریەكان بە شێوەیەكی رەها لەلایەن بەرپرسانەوە، رۆژنامەنوس ئەخرێتە بەردەم لێپرسینەوەی توندو هەندێ جار تێهەڵدان، رۆژنامەنووس گەر ئازادەو مافی قسەكردنی هەیە بۆچی رێگری بكرێ بكرێ داتاو زانیاریەك كۆكاتەوە لەسەر فەرمانگەیەك؟ یان بۆچی جەریمەیە رۆژنامەنوس بەرۆكی بەرپرسێ بگرێ و پێی بڵێ فلانە پرۆژەت دواكەوت و گەندەڵی تێكەوت و كێشە لە تەندەراتی میریدا هەیەو یان ئەم خانوەت چۆن كری؟ ئەمانە پرسیاری مەدەنی و سروشتین لە كۆمەڵگا كراوەكاندا، لەبەرانبەر ئەم ووتنە راستەقینانەدا بۆچی ئەبێ وەكو پێویست نەتوانین دیالۆگ و مامەڵەیەكی هۆشیارانەو مەدەنیانە بكەین لەگەڵ ئەو پرسانەدا؟ دەبێ بە فیعلی بگەرێین بۆ ئەو شوێنەی كە لێكگەشتن هەیەو دیالۆگ ئەبێتە كۆڵەگەی پتەوی دیموكراسی و پێویستە تورەبوون و هەڵچونەكان بخەینە لاوەو وازیش بهێنین لەو كولتورەی كە ئەوەی بەرپرس نەبێ بۆی نەبێ قسە بكات و واقیعەكان بەرجەستە بكات، ئەو كولتورە كۆنەی بەعس كە هێشتا سێبەرەكانی ئەوەتا بەسەرمانەوەو ئەوەی كە لەگەڵ بەعسدا نەبوایە ئەكرایە دژو دوژمن و بەرۆكی دادگایان پێئەگرت و تەنانەت تەمەنی گەورە ئەكرا بۆ ئەوەی كە سێدارە بكرێ، با ئێمە لەگەڵ یاساو مافەكانی رادەربرین و مەدەنیەتدابین ئەگەر ئەمانەوێ ووڵاتێكی مەدەنی و دیموكراسی دروست بكەین.